# تراجیدیای بزوتنەوەی گۆڕان:
# هەموان پێویستییان بە ئیستەیەکی جیددی و بە پەلە هەیە

پێویستە بە زووترین کات هەردوو ئاراستە ناکۆکەکەی بزوتنەوەی گۆڕان دوو/سێ هەنگاو بچنە دواوە لە پێناو ڕێککەوتنێکی گشتگیر و گونجاو.

----------------------------

## پڕۆژەیەک
## بۆ ساڕێژکردنی زامەکان و
## بۆ ئەوەی هاوڕێکانی دوێنێ ببنەوە بە هاوڕێ

بورهان أ. یاسین

٢٠٢٤/١٠/١٢

**تێبینی**

ئەم نووسراوە بەر لەوەی دەربڕی ئێش و ئازارێک بێت لەو هەموو خوێنبەربوونە لە پانتایی هەرە فراوانی گۆڕانخوازی، بە تایبەتی خوێنبەربوونی بزوتنەوەی گۆڕان، بێت ئێش و ئازارێکی نیشتمانی و نەتەوەییە، بە واتای ئەوەی هەر خوێن بەربوونێک لە بەشێک لە جەستەی نیشتمان خوێنبەربوونێکی ڕاستەوخۆیە لە تەواوی جەستەی نیشتمان و نەتەوە. لە بەرامبەریشدا هەر چارەسەرێک بۆ دۆخەکە هەوڵە بۆ ڕاگرتنی ئەو هەموو خوێنبەربوونە لە زامێکی گەورە و مەترسیدار لە جەستەی نیشتماندا!

*ئەمەم نووسراوەی بەردەست، بەر لە هەر شتێک، هاوار و بانگەشەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانییە*

# ناوەڕۆک

پێشەکییەکی گشتی ........ ٢
دەنگ و هەڵوێستی یەکبوو ........ ٣
لە کۆتاییدا، چەند تێبینییەکی گرنگ ........ ٧

## پێشەکییەکی گشتی

لە دوای کۆچی دوایی ڕێکخەری گشتی گۆڕان ڕەوانشاد نەوشیروان مستەفا، بزوتنەوەی گۆڕان ڕۆژ بە ڕۆژ لە پاشەکشەیەکی بەردەوامدا بووە، کێشەکانی ڕۆژ بە ڕۆژ کەڵەکە بوون تا گەیشتە ئەوەی کە لە ڕۆژانی دواییدا هەنگاوەکانی دوولەت بوون بە خێرایی بزووتنەوەکەیان گەیاندۆتە دۆخی مانەوە یا پووکانەوەیەکی بە تەواوەتی.

زانراوە کە بەندە بەر لە چوار ساڵ وە هەروەها بەر لە نزیکەی دوو ساڵ، بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانی پانتایی گۆڕانخوازی و بزوتنەوەی گۆڕان بوو، هەوڵێکی گشتگیرم دا. هەوڵەکە لەسەر ئەو باوەڕە بونیادنرابو کە تەنها چارەسەرێک، کە بە کەڵکی گۆڕان بێت لە پاراستنی ئەو بزووتنەوەیە و مانەوەی بە یەک پارچەیی و هەستانەوەی، ئەوە بوو کە ئەو چارەسەرە هەموو پرس و بابەتەکان لەخۆ بگرێ. بە داخەوە هەردوو هەوڵەکە بە بنبەست گەیشتن!

جێگای خۆیەتی بڵێین لە کاتی دەست پێکردن و کۆتایی هەردوو قۆناغەکە، بە راشکاوی راگەیاندراو و زانیاری پێویست بڵاوکراونەتەوە. هەر شتێکیش دەربارەی ئەم هەوڵانە گوترابێت لە ماڵپەڕی کەسیی بەندەدا (*www.burhanyassin.com*) بڵاوکراونەتەوە.

هاوتەریب لەگەڵ خەراپبوونی دۆخی گۆڕان بە شێوەیەکی بەردەوام، بە تایبەتی دوای بەستنی دووەم کۆنفرانسی نیشتمانی، بزوتنەوەی گۆڕانم لە دووبارەبوونەوەی **سیناریۆیی حزبی زەحمەتکێشان ئاگادار کردۆتەوە**، بە واتای ئەوەی ئەگەر چارەسەری ریشەیی بۆ کێشەکانی نەکرێت ئەوا هیچ چارە نییە دۆخەکە بە لەتبوونی یەکجارەکی بزووتنەوەکە تەواو دەبێت، هەر وەک چۆن کاتی خۆی حزبی زەحمەتکێشان بوو بە دوو لەتەوە، وەزارەتی ناوخۆی "پارتی" ناو و لۆگۆی حزبەکەی دا بە بەشێک وە بەشەکەی تری (بە سەرکردایەتی قادر عەزیز) بێبەش کرد لەو ناو و لۆگەیە. بەمەش قادر عەزیز و هاورێکانی بڕیاریاندا حزبێکی تر بە ناوی "ئاینده" دروستبکەن و دواتریش بچنە ناو یەکێتی نیشتمانی!

## دەنگ و هەڵوێستی یەکبوو

سەرەتا دەبێ بڵێین، لە ئێستادا راستییەکی حاشاهەڵنەگر ئەوەیە کە فەزا و پانتایی سیاسی لە باشوری کوردستان ئەوەندە ماندو، بێهیوا، بێزار، کڵۆڵ و هیلاکە بە رادەیەک کە ئەم پانتاییە ناخوازی تەنانەت قسەی باش و هیوابەخشیش ببیستێ، **چ جای ئەوەی ڕووداوێکی بێزارکاری وەک دوولەتبوونی بزوتنەوەی گۆڕان**، ئەو بزووتنەوەیەی کە ساڵانێک بەر لە ئێستا گەورەترین هێز و پڕۆژەی **هیوابەخش** بوو لەو پانتاییەدا. لە راستیدا هەر لە سەرەتای سەرپێ خستنی بزوتنەوەی گۆڕان وتمان "نابێت ئەم بزووتنەوەیە شکست بهێنێ، چونکە کاریگەری شکستی ئەم بزووتنەوەیە بە قەد کاریگەریی نێگەتیڤ و نەرێنی هەرەسهێنانی جوڵانەوەی چەکداری لە ١٩٧٥ دەبێت"! بە داخەوە، دەمێکە ئەم شکستە لە بوون و ڕوودانی بەردەوامدایە! بەڵام ئەگەر کێشەکان بەبێ دواکەوتن چارەسەر نەکرێن ئەوا هێشتان خەراپتر لە پێشمانەوەیە!

ئاماژەکانی تێکچوونی بۆ وێنەی دۆخی ناوخۆی گۆڕان لە ئێستادا، پێمان دەڵێن چیتر ئەم تێکچوونە ناوخۆیی نییە بەڵکو درێژ بۆتەوە بۆ دەرەوەی خۆی، **کاتێکی یەکجار کەمیش ماوە، ئەگەر ئەسلەن هیچ کاتێکیش مابێت**، بۆ ڕێگریکردن لە هەڵدێرێکی ئەوەندە مەترسیدار کە ئیتر **دەکرێ کۆتایی بە گۆڕان بهێنێ.**

* * *

## چەند خاڵێکی زۆر گشتی

١) کات لەبەر دەم هەر هەوڵێکی جدی بۆ ڕێگریکردن لە هەڵدێرێکی وێرانکار زۆر زۆر کەمە، کات بە هەفتە هەژمار ناکرێت بەڵکو لە باشترین حاڵەتدا بە ڕۆژ هەژمار دەکرێ؛ لە ڕاستیدا باشترە بە کاتژمێر هەژماری بکەین؛

٢) هەر ڕێککەوتنێک لە نێوان "مەکۆی گردی زەرگەتە" لە لایەک وە "مەکۆی کوردسات" دەبێ بەر لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان بە ئامانج بگات: دەکرێ دوای هەڵبژاردن دەرفەتی چارەسەر بە تەواوەتی کۆتایی بێت، یا لە باشترین حاڵەتدا بە شێوەیەکی زۆر مەترسیدار کەم ببێتەوە؛

٣) ئەگەر لە چەند کاتژمێر یا ڕۆژی داهاتودا ناکۆکیەکە لە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق یەکلا بکرێتەوە، ئەوا بە ئەگەری زۆر دەرفەتی چارەسەر کۆتایی دێت: هەڵبەتە ئەگەر هاتوو بڕیارەکە "ئاراستەیەک لە ئاراستەکانی ململانێکە بە تەواوەتی بکات بە **دۆڕاو** وە لایەکی تریش بکات بە **براوە**". بەڵام ئەگەر بڕیارەکە جۆرێک هاوسەنگیی تیابوو وە یارنەتیدەر بوو بۆ ڕێککەوتنی هەردوو ئاراستەی ناکۆک، ئەوا دەکرێ هێشتان کات بەدەستەوە مابێت بۆ جۆرێک لە چارەسەری "**هاوسەنگ و گشتگیر**"؛

٤) ڕووداوەکانی ماوەی دوایی هەر لە "دەست بەسەرداگردنی" ژووری کۆبوونەوەکان (لە گردی زەرگەتە) و تا دەگاتە دانانی بلۆک لەبەردەم دەرگای سەرەکی ئەو گردە ئەوەی بۆ هەمووان بە جوانی پشتڕاست کردەوە کە بەڵێ گردی زەرگەتە و پرسی دەسەڵاتی کوڕانی ڕەوانشاد نەوشیروان مستەفا "لە دەرەوەی پرۆسە و نەزمە ڕێکخراوەییەکانی گۆڕان" کێشەیە و پێویستی بە چارەسەرە: بەبێ چارەسەرێکی ئەوها **سپاردنی بەشێکی گرنگ لە کێشەکانە بە داهاتوو**. بەم واتایەش مینرێژکردنی پردەکانی بەردەم بزوتنەوەی گۆڕانە بۆ پەڕینەوە بۆ کەناری ئارام. لە بەرامبەردا بەڕێزانی "مەکۆی کوردستات" پەلەیان کرد، تەنانەت هەڵەیەکی گەورەیان کرد، لە هاویشتنی هەنگاوی گۆڕینی سیفەتی "ڕێکخەری گشتی تەوکیل کراو، **واتە سنووردارکراو بە ڕاپەڕاندنی هەندێ کار و باری ڕەسمی**" بۆ "ڕێکخەری گشتی، بە حیساب هەڵبژێردراو". ئەوەی دەکرێ دەرابرەی ئەم هەنگاوە بگوترێ ئەمەیە: "**ناکرێ تۆ داوای بووردن لە خەڵک بکەیت لە هەڵەکانی پێشووی بزوتنەوەی گۆڕان، کەچی لەولاشەوە کاروانی بەرپرسیاری خۆت بە کۆمەڵێک هەڵەوە دەست پی بکەیت**"! جگە لەوەش، پێویست بوو، لە پێناوی پاراستنی یەکڕیزی ناوخۆی بزوتنەوەی گۆڕان و دانی دەرفەتێکی دیکە بە بەڕێزانی "مەکۆی سەرەکی گردی زەرگەتە"، هەر لە سەرەتاوە ناوی "باڵەخانەکەی کوردسات" بکرایەتە "بنکەی سەرەکی هەڵمەتی هەڵبژاردنی بزوتنەوەی گۆڕان، لە بری **مەکۆی سەرەکی بزوتنەوەی گۆڕان**". یا هەرنەبێ دەکرا ناوەکە ئەوها

بێت: "**مەکۆی سەرەکی بزوتنەوەی گۆڕان – بنکەی سەرەکی هەڵمەتی هەڵبژاردنی بزوتنەوەی گۆڕان**"! بە هەر حاڵ بەکاربردنی ناوی "مەکۆی سەرەکی بزوتنەوەی گۆڕان" هەنگاوێکی هەڵە بوو.

* * *

ئەوەی لە ئێستادا پێویستە بکرێت، بەبێ بە فیڕۆدانی خولەکێکیش، ئەوەیە کە بە زووترین کات **فەزا و دەنگی سێهەم** دروست ببێت، بە واتای ئەوەی فەزا و دەنگێک کە توانای هەبێت بچێتە **سەرەوە و دەرەوەی** ئەو دۆخەی کە هەیە. ئەو فەزای سێهەمە دەبێ پانۆڕاما هەرە فراوانەکە ببینێت، فەزایەک، کە هەمووان دەبینێ و کاریش دەکات بۆ دۆزینەوەی **هاوبەشەکان** و خستنە رووی هەموو ئەو بیرۆکانەی کە **کۆکەرەوەن**. مەبەستیشمان لە هەمووان پانتایی هەرەی فراوانی گۆڕانخوازییە، واتە أ) مەکۆی سەرەکی کوردسات؛ ب) مەکۆی سەرەکی گردی زەرگەتە؛ و ج) لەشکرێک لە "گۆڕانخوازانی" ناڕازی کە خەون بە بزووتنەوەیەکی یەکبوو و هەستاوە و بەهێزەوە دەبینن.

پێویستە ئەوە دووپات بکەینەوە کە خەم و خواستی گوتار و هەنگاوە کرادارییەکانی "فەزا و دەنگی سێهەم" دەبێ یەکگرتووی، هەستانەوە و بەهێزبوونەوەی بزوتنەوەی گۆڕان بێت. ئەم دەنگە دەبێ دەنگێکی راشکاوی چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان بێت، **نەک نیوە چارەسەر و یا چارەگە چارەسەر**! لەبەر ئەوەی قەوارەی کاریسەکە زۆر گەورەیە دەبێ چارەسەریش گەورە، لەخۆگر و گشتگیر بێت.

* * *

**ئەوەی پێویستە ئەوەیە** کە فەزای سێهەم ستراتیجێک لە سێ قۆناغ دابڕێژێ، ١- قۆناغی کورتخایەن، واتە هەر ئێستا و بێ دواکەوتن؛ ٢- قۆناغی مامناوەندی؛ ٣- قۆناغی درێژخایەن:

## ١) قۆناغی کورتخایەن: هەر ئێستا و بێ دواکەوتن

پێویستە لەم قۆناغەدا، **بەبێ هیچ دواکەوتنێک**، لێکگەیشتنێک لە نێوان ئاراستەی مەکۆی سەرەکی کوردسات و ئاراستەی مەکۆی سەرەکی گردی زەرگەتە لەسەر چەند پرەنسیپێکی سادە، بکرێت. لێکگەیشتنێکی ئەوها دەبێتە هۆی دەستکردن بە توانەوەی سەهۆڵ و هاندەر بۆ هێنانە کایەی ژینگە و هەوا و کەشێکی ئەرێنی (پۆزەتیڤ) لە دۆخی سایکۆلۆجی ناکۆکییەکاندا.

**بنەماکانی لێکگەیشتن لە قۆناغی یەکەمدا:**

١- **هەر ئێستا و بەبێ دواکەوتن**، وەستاندنی هەموو جۆرە هێرشی میدیای، ناوزڕاندن لە ئامرازەکانی میدیا و سۆشیاڵ میدیا کە دەبنە هۆی بارگرژی زیاتر و فراوانتر بوونی درزەکان؛

٢- دەستوری بزوتنەوەی گۆڕان بۆ هەموو لایەک، وە هەر هەنگاوێک لە پرۆسەی رێکخراوەییدا، چوارچێوە و رێنیشاندەر دەبێت و هەمووان پێیەوە پابەند دەبن؛

٣- لە هەر بارودۆخێکدا، رەوانشاد نەوشیروان مستەفا (سەرکردەی بێ ڕکابەری بزووتنەوەکە تا ٢٠١٧)، وەک سەرکردەی رۆحی بزووتنەوە و پرۆژەی گۆڕان دەمێنێتەوە و هەمووانیش بە دروشمی "**کاک نەوشیروان چەتری هەمووان**" پابەند دەبن. یەکێک لە سەرچاوە گرنگەکانی

پارێزراوی یەکرِیزی بزوتنەوەی گۆڕان لە **پارێزراوی نەوشیروان مستەفادایە؛**
٤- باشترین ڕێگە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دانوستانێکی بەرپرسانە، بەرهەمهێنەر و داهێنەرانەیە؛
٥- هەردوولا هیچ هەنگاوێک ناهاوێژن و هیچ بەیاننامەیەک بڵاوناکەنەوە کە ببێتە بارگرژی و فراوانبوونی ئەو درزەی کە لە هەفتە و ڕۆژانی دواییدا لە ریزەکانی بزووتنەوەکە کەوتۆتەوە.

## ٢) قۆناغی مامناوەندی: دوای لێکگەیشتنی سەرەوە

لەم هەنگاوەدا **یەکسەر، بەبێ دواکەوتن** و هەر لە کاتی ڕاگەیاندنی **لەیەکگەیشتنی سەرەوە**، دەست پێ دەکات. پێویستە هەر یەک لە دوو لایەنی ناکۆک (مەکۆی کوردستات و مەکۆی گردی زەرگەتە) ئامادە بن **شتێک بدەن بۆ ئەوەی شتێک وەربگرن وە لە ئاکامدا هەموان بگەن بە لێکگەیشتنی ئەم قۆناغی دووەمە:**

١- ئەو بەشەی جڤاتی نیشتمانی کە هەڵبژێردراوە (لە مەکۆی سەرەکی لە گردی زەرگەتە) بڕیارێکی بێ پەنا و پێچ دەدات بۆ بەشداریکردنی (کۆی گۆڕان) لە هەڵبژاردن و پشتگیری لە تەواوی لیستی ١١٤، بەبێ جیاوازی: واتە هەموو کاندیدەکان بەبێ جیاوازی بە کاندیدانی خۆی بزانێ؛

٢- لە بەرامبەردا، واتە لە بەرامبەر خاڵی سەرەوەدا، چیتر ناوی دانا ئەحمەد مەجید وەک **ڕێکخەری گشتی گۆڕان** نایەت، بەڵکو وەک ڕێکخەری **تەوکیل کراو** یا کاربەڕێکەری بزوتنەوەی گۆڕان بۆ ڕاپەڕاندنی کارە ڕەسمییەکانی گۆڕان تا کاتی هەڵبژاردنی ڕێکخەری گشتی و خانەی ڕاپەڕاندن.

تێبینی: کاتی ئەنجامدانی ئەم هەڵبژاردنە بە ڕێککەوتن دیاریدەکرێت هەر لەم قۆناغی دووەمەدا!

٣- بەڕێزانی مەکۆی سەرەکی گردی زەرگەتە داوای بوردن دەکەن لە ڕووداوی ڕێگاگرتن و بلۆککردنی گردی زەرگەتە؛

٤- مەکۆی سەرەکی بزوتنەوەی گۆڕان (لە باڵەخانەی کوردسات) دەبێتە بنکەی سەرەکی هەڵمەتی هەڵبژاردنی بزوتنەوەی گۆڕان، یا هەرنەبێ ناوەکە وەک خۆی دەمێنێتەوە بە مەرجێک هەر لە ژێر مەکۆی سەرەکی. . . "**بنکەی هەڵمەتی هەڵبژاردنی بزوتنەوەی گۆڕان**" بنووسرێ؛

**٥- بڕیاری کشانەوە لە حکەمەت بڕیاری هەمووانە بە بێ جیاوازی وە هەمووان پێوەی پابەند دەبن.**

**پێویستە هەرچی زووە، بەر لە هەڵبژاردن، ئەم قۆناغە بە ئامانج بگات.**

## ٣) قۆناغی درێژخایەن: دوای لێکگەیشتنی سەرەوە

بەبێ دواکەوتن، یەکسەر دوای ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنی قۆناغی دووەم، ئەم قۆناغی سێهەمە دەست پێ دەکات. لەم هەنگاوەدا ڕێککەوتن دەکرێ لەسەر هەموو ئەو هەنگاوە درێژخایەنانەی کە

پێویستە بهاوێژرێن بۆ یەکلاکردنەوەی هەموو ئەو پرسانەی کە لە مەودایەکی دور و درێژدا پێویستییان بە چارەسەرێکی هەمیشەیی و بنبڕ هەیە، لەمانەش پرسی دەستور، پرسی کۆنفرانسی نیشتمانی داهاتو. دەکرێ کۆنفرانسی نیشتمانی ببەسترێتەوە بە چارەسەری کۆمەڵێک پرس کە ژینگەی کۆنفرانس باشترین وە لەبارترین جێگا دەبێ بۆ یەکلاکردنەوەیان. جگە لەم پرسە رێکخراوەییانە پرسی جێماوەکانی دوای کۆچی دوایی رەوانشاد نەوشیروان مستەفا، بە تایبەتی پرسی مانەوە یا نەمانەوە، وە هەر وەها شێوەی **مانەوەی مەکۆی سەرەکی بزوتنەوەی گۆڕان لە گردی زەرگەتە یان نا!** جگە لەوەش رۆڵی واریسانی رەوانشاد نەوشیروان مستەفا لە گۆڕان یا لە دەرەوەی فۆرمی رێکخراوەیی بزوتنەوەی گۆڕان. لە بارەی گردی زەرگەتە و هەندێ جێماوی تری ماددی پێشتر زۆر پێشنیار کراون، وەک "وەقف"، "وەرەقەی قانوونی" یا "پەیمانی شەرەف". دواخستنی چارەسەرکردنی ئەم پرسە، دوای ٧ ساڵ دواخستن، **چیتر دواخستن قەبوڵ ناکات!**

بەڵام ئەگەر واریسانی رەوانشاد نەوشیروان مستەفا پێیان وایە باشترین بژاردە ئەوەیە کە گۆڕان بە تەواوەتی لە گردی زەرگەتە بچێتە خوارەوە ئەوا پێویستە خواستێکی ئەوها بە روونی و راشکاوی هەم بە بزوتنەوەی گۆران هەمیش بە فەزا و پانتایی گشتی بگات: دوا جار **چیتر پەیوەندی کۆمپانیای وشە و بزوتنەوەی گۆڕان دواخستن هەڵناگرێ و ئەو پەیوەندییە پێویستی بە چوار چێوە و فۆرمێکی رون و توکمە هەیە، جا چ بە مانەوەی گۆڕان لە گردی زەرگەتە وە چ بە هتانە خوارەوەی بە تەواوەتی!**

چیتر، حاشاهەڵنەگرە کە رووداوە نەخوازراوەکانی هەفتە و رۆژانی دوایی ئەوەیان بە جوانی پشتڕاست کردەوە کە ئەم پەیوەندییە هەر وەک چۆن **لە رابردوو کێشەدار بووە ئێستاش کێشەدارە**، هەر ئەوهاش، لە حاڵەت مانەوەی بەبێ چارەسەر، **لە داهاتوشدا هەر وەک کێشە دەمێنێتەوە.**

**لە کۆتاییدا، چەند تێبینییەکی گرنگ**

١- هەموو ئەوەی لە سەرەوە گوتراوە و پێشنیار کراوە وەک پرۆژەیەکی کراوەیە و بواری گۆڕانکاری تیایدا، لە پێناوی سەرخستنیدا، مومکینە، تەنانەت پێویستیشە؛

٢- زۆر گرنگە ئەو بەڕێزانەی لەم رۆژانەدا پشتگیری بۆ بزوتنەوەی گۆڕان و لیستەکە دەردەبڕن ئەوە بکەنە پێشمەرج کە "پشتگیرییەکان بۆ بزووتنەوەیەکی یەکبوو و یەکگرتووە" نەک ئەوەی ئەم جۆرە پشتگیرییە ببێتە هۆی فراوانبوونی درز لە نێوان "دوو مەکۆ سەرەکییەکە،" جا ئەم پشتگیرانە لە خەڵکی نیشتمان پەروەر و سەربەخۆ بن یا هەڵسوڕاوی پێشوتری بزوتنەوەی گۆڕان!؛

٣- لەبەر کەمی کات و هەستیاری دۆخ و بەسەرهاتی بزوتنەوەی گۆڕان پێویستە هەموو ئەوانەی خەمی ئەم زام و خوێن لێ بەربوونەی جەستەی نەتەوە و نیشتمانیان هەیە، هەر یەک لە جێگای خۆیەوە و بە رێگای فەراهەمبووەوە، دەست بەکار بن. فشار بە ئاراستەی خێر ئەرکی هەموانە!

------ **کۆتایی** ------